دڕژکردنەوەی تەمەنی ئەنجوومەنی کەمیسیۆنی هەڵبژاردنکانی عێراق بۆ دوو ساڵ

ئەنجوومەنی باڵای داوەریی عێراق بڕیاری دا، ماوەی کارکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق بۆ دوو ساڵ درێژ بکاتەوە، بەڵام راشیگەیاندووە، ئێگەر پەرلەمان "تەوانینکی سیاسد"ـی دیکەی هەیە، دەتوانێت یاسای کەمیسیۆن هەموار بکاتەوە.

عیماد جەمیل، سەرکی تیمی ڕێژنامەڤانیی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق ڕاگەیاند: ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی کەمیسیارانیان بۆ نووسراوی فەرمی پێگەیشتووە، ئەندامانی ئەنجوومەنی کەمیساران کاری ئاسایی خۆیان دەکەن وەک ئەوەی پێشتر کردوویانە.

نووسراوی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق، ئەمڕۆ (چوارشەممە، 8ـی کانوونی دووەمی 2025)دەرچووە. بڕیارەکە تەمەنی کارکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی کەمیسیۆنەکە لە 7ـی کانوونی دووەمی 2025 بۆ 6ـی کانوونی دووەمی 2027 درێژدەکرێتەوە.

لە نووسراوەکەدا ئاماژە بۆ دراوە؛ ئێگەر تەوانینکی سیاسیی دیکە هەبێت جگە لەوەی لە

نووسراوەکەدا هاتووە، پەرلەمانی عێراق دەتوانێت بگۆڕێی ئەو دەستاتە یاساییەی هەیەتی، یاسای کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەموار بکاتەوە.

تەمەنی کاری ئەندامانی ئەنجوومەنی کەمیسیۆن لە 7ـی کانوونی دووەم کۆتایی هات، لە رووی یاساییەوە تاوەکو رێژەک بۆر لەوە، پەرلەمان دەیتوانی وادەکەی درێژبکاتەوە، دوای ئەوە پرسەکە کۆتە دەستاتی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری.

ئەمە، سێیەم جارە تەمەنی کاری ئەنجوومەنی کەمیساران درێژبکرێتەوە، دووجار لەلایەن پەرلەمان و ئەمجارەش لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای دادوەرییەوە.